# نامه

**1978/8/4**

**ئێران**

نامە ئەنێرم ئەیدەم بە شەماڵ
کە بۆخزمانم بیباتە دەرماڵ
کەوا بزانن ماوم نەمردووم
من بۆ وڵاتم هەمیشە زیندووم
من خۆم لە خاکم بۆ خاك ئەکۆشم
بەکاری دێنم گشت بیر و هۆشم
کەوا بێتە دی من ئاواتی خۆم
گەر خوێنم بڕوا وەك رووبار و چۆم